یەکێتی نوسەران لەسلێمانی لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی .

2 ـ الاسطورة ـ نبيلة ابراهيم
3 ـ الاسطورة ـ (نبيلة ابراهيم)
4 ـ الاساطير و علم الاجناس و سەرچاوەی پێشوو .
5 ـ دكتور قيس نوري (اساطير وعلم الاجناس) .
6 ـ الاسطورة ـ نبيلة ابراهيم
7 ـ ئەبێت ئەوە بڵێم کەلێرەدا رای قوتابخانەکە یا تیۆرییەکە وەکو خۆی دەخەمە پێش چاو بێ ئەوەی خۆمان لە ڕەخنەو ڕەخنە لێگرتنی ئەم بۆچوونانە بدەین .
8 ـ د . طيب تزيني . مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط .
9 ـ لێرەدا زاراوەکانم بەعەرەبی داناوەتەوە چونکە لەڕاستیدا ئەو وشانەی کەلەکوردیدا بەرامبەری دانراون شوێنی خۆیان نەگرتووە ، هەربۆیەیشە (لا شعور) و (لا شعوری جمعی) ... هتد هەروەکو خۆی دادەنێینەوە بۆ ئەوەی خوێندەوار لەمەبەستەکەمان تێبگات .


سەرچاوە کانی ئەم باسە :ـ

بۆ ئەم باسە سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە ، دەبێت ئەوە بڵێم کە سود بینینەکەلەهەندێکیاندا زۆر ناڕاستەو خۆیە و هەروەها لەبەشی سێهەمدا زیاتر سودم لەکتێبەکەی د . طيب تزيني وەرگرتووە

1 ـ الدولة والاسطورة   كاسيرد   ترجمة احمد محمود خلكي
2 ـ حكاية الخرافية   فونك ديرلاين   ترجمة نبيلة ابراهيم
3 ـ الاساطير وعلم الاجناس   د . قيس نوري
4 ـ فولكلور في العهد القديم   جيمس فريزر جزء الاول ترجمة نبيلة ابراهيم
5 ـ المادية الديالكتيكية   جماعة من اساتذة السوفيت ترجمة بدر الدين سباعي ،   فؤاد مرعي ، عدنان جاموس
6 ـ الاسطورة   نبيلة ابراهيم
7 ـ الاساطير   احمد كمال زكي
8 ـ نظرية المادية في المعرفة   روجية غارودي
9 ـ مشروع رؤيه جديدة لفكر العربي في العصر الوسيط د . طيب تزيني
10 ـ العقلية البدائية   ليفي بريل   ترجمة د . محمد القصاص
11 ـ مذهب التحليل النفسي وفلسفة الفرويدية الجديدة ، ڤاليری لیبین .
12 ـ مستقبل الوهم   فرويد
13 ـ تاريخ الاديان   طه الهاشمي .


○


مولود قادر بێخاڵی


○

ئەگەر هەنگاوێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ ساڵەکانی پەنجاو بیرێکی ورد لە ژیانی کرێکارانی قوڕکێشی بکەینەوە لە هەولێر، لەوانەیە گەلێ کەس بڕوا نەکەن و بڵێن چۆن کرێکار لەو ڕۆژانەدا وا دەچەوسایەوەو، هیچ دوور نییە بەزیاد لە توانای ئادەمیزادی بزانن، چونکە هەر مرۆیەك رادەییەکی تایبەتی توانای هەیەو ئەگەر لەو رادەیەدەرچوو ئەبێ بە شتێکی بەدەگمەن ڕێکەوتووی وا بەئاسانی نەچێتە ئەقڵی ئادەمیزادەوە. بەڵام زۆربەی ئەوانەی لەو مەیدانەدا کاریان کردووە بەمنداڵی و بەگەنجی و، ئێستەیش کەوتوونەتە ساڵەوە ئەگەر ئەو باسەیان بۆ بگێڕینەوە هەناسەیێك هەڵدەکێشن و بە چاوی پڕ لەئاو وەڵام دەدەنەوەو دەڵێن بەخوا ئەوەی باسی دەکەن گەلێك لە ڕووداوی ئەو سەردەمە کەمترەو بەزەیی یەکی زۆریشیان بە حاڵی رابردووی خۆیانا دێتەوەو دەڵێن ئەو ژیانە چ ژیانێك بوو ئێمەی تێدا بووین و تێیدا دەکولاین بێ ئەوەی ژیانێکی مامناوەندی مرۆڤانەمان بۆ دابین بکرێ! هەر ئەوانیش دەتوانن سەربارێکی زیاتر باوێنە سەر باسی ژیانی کرێکارانی قوڕ لە هەولێر.

بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ئەمر لە سەرانسەری عێراقدا کرێکاران جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە یەکدی نەبوو لە ژیانداو دەتوانم بڵێم هەموویان یەکسان بوون، بەڵام مامڵەت لەگەڵ کرێکاری قوڕکێشان لە هەولێر لە خراپیدا جۆرە جیاوازییێکی هەبوو کرێکاری شارێکی تر لە توانایا نەبوو بتوانێ ڕۆژێك ئەو بارە لە ئەستۆ بگرێ. لەبەر ئەو هۆیە ئێستاش کرێکاری شارێکی تر ڕووناکاتە هەولێر بۆ ئیش کردن، کەچی کرێکاری هەولێری ئیشی لە شارانی تر پێ عادەتی یەو هیچ سڵ لەوە ناکاتەوەو ناسەنگرێتەوە کە بچێت بۆ شارێکی تر بۆ کارو

# هەنگاوێك بۆ دواساڵەكانی پەنجاو وەبەرچاوهێنانەوەیەكی ڕۆژانی ڕەشی ژیانی كرێكارانی قوڕ لە هەولێر لە پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دا

لەوێیش ڕێزی زۆر لێ دەگیرێ، چونكە بەبێ چاودێرو ڕابەرو بە پێی ئەو نەخشەیەی بۆی دادەنرێ چالاكانە ئەو كارەی پێی دەسپێررێ بەجێ ی دێنێ.

كرێكاری كلۆڵ، وەك گوتمان، لە هەموو شارانی وڵات وەك یەك كەوتبوونە ژێر باری ئازارو ئەشكەنجەی نەبوونی. یاسایەكی تایبەتی بۆ ڕێكخستنی كاروباری ژیانیان و پلەی ڕۆژانەیان و ماوەی كاریان نەبوو، تەنانەت میری‌یش ئاوڕێكی وای لێ نەدابوونەوە سەرنجی مرۆ ڕابكێشێ و هیچ بایەخێكی بەم لایەنە نەدابوو.

بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەگوترا میری نیازی وایە یاسایەك بۆ ڕێكخستنی كات و مووچەی كرێكاران دابنێ، بەڵام ئەو یاسایە هەر دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو. پاش شۆڕش بە ماوەییكی كەم یاسای ناوبراو دانراو چاوی بە ڕووناكی سەرزەمین كەوت، ئەوەبوو یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٩٥٨ دەرچوو. تا دەرچوونی ئەو یاسایە كرێكارانی هەموو عیراق دەبوو بە پێی فەرمانی خاوەن‌كار بجووڵێنەوە جا میری بووایە یا لە كەرتی تایبەتی و دەبوو هیچ درێغی‌یەكیان بۆ هێنانەدی

خواستی خاوەن‌كار پیشان نەدایەو ئەگەر بە پێچەوانەی فەرمانی ئەوان قاچیان هەڵبهێنایەتەوە دەستیان لە كار دەكێشرایەوەو دەربەدەر دەكران و ئاوارە دەبوون تا كارێكی تریان دەدۆزیەوە بۆ دابین‌كردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و ماڵ و منداڵیان، لەبەر ئەوەی كە ئەو سەردەمە ئیش‌وكار زۆر كەم بوو، ئەگەر كرێكار سبەینان ئەختێك خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ بكردایە لەسەر جێگاو تۆزێك خۆی بخوراندایە، لە كار دوادەكەوت و

بەوە ئیشی ئەو ڕۆژەی دەڕۆیشت و دەبوایە بە هەناسە ساردی بگەڕێتەوە چاوەڕوانی ڕۆژی ئایندە بێ بەر لە گەلێك لە كرێكارەكان بگاتە مەیدانی كرێكارگرتن و خۆی بەرەو پێشەوە ببات بۆ لای سەركارو وەستا تا ببیەنە ئیش.

ئەو كەرتە كرێكارانە لەو سەردەمەدا ژیانێكی زۆر تاڵ و ناخۆشیان دەبردە سەر، هەردەم ڕووت و ڕەجاڵ و چل و بەرگ شڕو شەپڕێو بوون. بەیانیان بەكۆمەڵ لەمەیدان گرییان دەخواردو كۆمەڵ كۆمەڵ پشتیان دەدا بەدیوارەوە بە بێ‌دەنگی چاوەڕوانیی وەستاو سەركاریان دەكرد بێن هەڵیان بژێرن و لەگەڵ خۆیانیان بەرن كاریان پێ بكەن. هەریەك لەوانە چونكە هێشتا قاوەڵتی سبەینانیان نەكردبوو یا لوولەنانێكی بادراوی بە شامی‌نۆك یا گەرمەلۆبیا ئاخنراوی بە دەستەوە بوو كەوتبووەسەری بە قەپاڵ بەوشكی چونكە توانای لەوە چاكتری نەبوو تا بە عادەتی پاروەكەی بجوێ و ئاواژێ بكات، لەبەر وشكی پارووەكەو پەلەی خواردنی جاری‌وا دەبوو لەكاتی ئاواژكردنی پاروودا بۆ قورگ هەردوو چاوی سپی هەڵدەگەڕان و تووشی بەرچیچكە دەبوو. سەرەڕای ئەو پارووەی دەمی نانێكی تریشی دەئاخنی‌یە ناو دەستەسڕێكی شڕی چڵكن پڕ لە شامی‌نۆك یالۆبیاو دەیخستە بەرپشتی بۆ خواردن لەكاتی پشووی چێشتەنگاودا ئەو پشووە دەدرا بە كرێكار پاش سەعاتێك یا دوو سەعاتی ئیشی بەیانیان بۆ ماوەی نیو سەعات نەوەك نانی نەخواردبێ.

ئەو كرێكارانەی كە ئەم نووسینە باسیان لێ دەكات هەردەم ئاوارەو ماندوو بوون بەدوای نانی ژیانیاندا. هەموو ڕۆژێ سبەینان لەپاش‌مەلا بانگدانەوە كە هێشتا دەماری تاریكی لەزۆر كوچەو كەلەبەران دەما، دەچوونە مەیدانی

کرێکار وەرگرتن. کرێکاری قوڕکاری دەبوا بەسکی خاڵی و چاوی خەواڵووی رووبکاتە ئەو مەیدانە.

لە هەولێر تەنها یەك مەیدانی کۆبوونەوەی کرێکارانی قوڕەکاری هەبوو. ئێستا ئەو جێگایە پردی پەڕینەوەی هاتوچۆی پیادەیە لەنێوان بازاڕی گەورەوقەلاتدا. کرێکارەکان لەو شوێنەدا کۆ دەبوونەوە رووبەڕووی چایخانەیەك کە وەستاو خاوەن کارەکانی تێدا دادەنیشتن. ئەو چایخانەیە دەکەوتە سووچێکی گۆڕەپانەکەی لای دەرگەی بازاڕ. بەو چایخانەیە دەگوترا چایخانەی عەبدوللا خەیال. کرێکارەکان بەگشتی چاویان دەبڕی‌یە ئەو چایخانەیە داخۆ کەی وەستاو خاوەن‌کار دێنە خوارەوە بۆ هەڵبژاردنی کرێکارو بردنی بۆ کار پێکردن. هیچ هەست‌وخوستێکیان لێوە نەدەهات، گوێت لە هیچ دەنگێك نەدەبوو. تەنها گرمەی دەنگی لۆبیافرۆش و نۆك‌فرۆش و شەربەت‌فرۆش و کوببەفرۆش نەبێ. لۆبیافرۆش بە هەموو دەنگێکیەوە دەینەڕاندو دەیگوت: گەرمەلۆبیا! هەروەها نۆك‌فرۆشیش دەینەڕاندو دەیگوت: لەبلەبی شامی نۆك قاورمەیە.. تاد. ئەو کاتە نان لەبازاڕ لە دەفلس زیاتر نەبوو، دوو بە قەدەر نانی ئێستاش دەبوو. بایی دەفلسیش لۆبیا یا نۆك گوزەرانی بەیانیانی ماڵێکی دابین دەکرد.

هەر کە خاوەن‌کار یا وەستا دەهاتە ناو کۆمەڵی کرێکارەکان بە یەك دەنگ زیاتر لە دەدوانزە کرێکار دەیانگوت مام فلان... وەستا فلان.. ئەمن.. ئەوانیش دەکەوتنە نێو کۆمەڵی کرێکاران وەکوو مەڕکڕ.. ئەتۆ.. ئەتۆ.. کابرا ئەتۆ ئێشت هەیە. کابرای کڵۆڵ رادەپەڕی لە خۆشیانا دەیگوت ئەمن؛ ئەویش وەڵامی دەدایەوە نەء، ئەوی تەکت! کابرا بێچارە بەنائومێدی و هەناسەساردی دادەنیشتەوەو چاوەڕوانی یەکێکی‌تر دەبوو، بەلام لەکاتی کۆکردنەوەی ژمارەی پێویستی وەستا، چونکە کابرای دەستنیشان کردبوو دەیگوت قەیدی نی‌یە.. وەرە! بەلام چ ئیشێکت پێ بکەین دەبێ بیکەیت! کابراش دەیگوت ئاسن و بەردیش دەهاڕم.

جارجار وا رێك‌دەکەوت یەکێك لەو کرێکارە دەستنیشان کراوانە ناسیاوێك یا خزمێك یا برایەکی خۆی‌لەگەڵ دەبوو، بە خاوەن‌کاری دەگوت با ئەمیش بێت. خاوەن‌کاری بێ‌ویژدان بەبێ یەك‌ودوو وەڵامی دەدایەوە دەیگوت ئەتۆش دانیشە، پێویست ناکات تۆیش بێیت! کرێکاری هەژار لەو حاڵەدا رەنگێکی دەهێناو رەنگێکی دەبرد، دەی خوایە هەڵی نەگری.. بە رەنجی شانیش بەم ڕەنگە نانی رۆژانەمان دەدەیتە دەست.. چوارمەشقی پشتی دەدایەوە بە دیوارەکەوە چاوەڕوانیی خاوەن‌کارێکی‌تری دەکرد بەڵکو ئەو بیبا بۆ ئیش. جا خاوەن‌کاری ناوبراو دەگەڕاو دەسوڕایەوەو چەند کرێکارێکی هەڵدەبژارد بۆ قوڕکێشان، ئەوانەش دەبووایە لە تەمەندا لە کرێکارەکانی‌تر بچووکتربن تا بتوانن زیاتر بە گورج‌وگۆڵی بێن‌وبچن بە پێی پێویستی کار.

## کاتی کارو ماوەی:-

لەو سەردەمەدا ماوەیەکی دەستنیشان‌کراو نەبوو بۆ سەعاتی کار، سەرەتاو کۆتایشی دیاری نەبوو، دەبوایە بەپێی ئارەزووی وەستاو خاوەن‌کار بێت. بۆیە ببووبە داب دەبوو پێش رۆژهەلاتن بچنە سەر ئیش و لەگەڵ خۆرئاواش دەست لەئیش هەڵگرن. قەدەغە بوو پێش خۆرئاوا دەست هەڵگرن. ماوەی کار لەنێوان ئەو دوو کاتەدا هاوینان نزیکی ١٤-١٦سەعاتی دەخایاندو زستانانیش لە ١١سەعات کەمتر نەبوو. لەو هەردوو وەرزەیشدا ماوەی پشووی رۆژ بۆ کرێکاران لە سەعات و نیوێك زیاتر نەبوو، نیوسەعات لەکاتی چێشتەنگاو، سەعاتێکیش لەکاتی نیوەڕۆیان. کرێکار لەوماوەیەدا نەدەبوو هیچ بوەستێت، تەنانەت جگەرەکێشانیش حیساب و کیتابی لەسەر دەکرا. ئاوخواردنەوەو دەست بە ئاو گەیاندنیش بۆ کرێکار دەبوو بە بەڵگە بۆ ئەوەی رۆژێکی‌کە نەیبەنەوە سەر ئیش، دەیانگوت فڕوفێڵ دەکات لە ئیشداو بە بەهانەی ئاوخواردنەوەوچوونەسەر ئاوو شتی‌وا خۆی دەدزێتەوە. وا رێك‌دەکەوت کرێکاری بەدبەخت تووشی سك‌چوون دەبوو، دەبوایە لە جارێك زیاتر بچێتە سەر ئاو. خۆ ئەگەر خاوەن‌کار ئاگادار بوایە ئەوا دەستبەجێ لە ئیش بەڕەللا دەکراو هیچ کرێیەکی ئەو چەند سەعاتە ئیشەشیان نەئەدایە و هیچ یاسایەکیش نەبوو بۆ لێپرسینەوەی مافی خوراوی.

کار

خاوەن‌كار و وەستا پاش هەڵبژاردنی دەستەیەكی بە تین‌و گوڕ لەو هەژارانەی كە وەك كۆمەڵی كوللە لە مەیدان دەكەوتنە پاڵ یەك،هەر كە دەگەیشتنە سەر ئیش كرێكارەكانیان بەش‌بەش دەكرد، كۆمەڵێك بۆ كەرپووچ[خشت]كێشان،یەك دووانێك بۆ ئاوكێشان، هەر یەك دووانێكیش بۆ قوڕگرتنەوە. جگە لەوانە وەستایش شاگردی بەردەستی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بەرد دانە دەست‌و قوڕپان كردنەوە لەسەر دیوارو تەناف‌كێشان بەپێی نەخشەی وەستا. ئەو تێكەو لێكەیەش بۆ دورست‌كردنی خانوو پاش نەخشەكێشان‌و بناغە هەڵكۆڵین‌و ئامادەكردنی كەرەستەی خانوو دەكرا.

دوابەدوای بەش‌بەش كردنی كرێكارەكان هەریەك بۆ ئیشی خۆی، ئەوانەی دەمانەوە بەتایبەتی ئەوانەیان كە نەچووبوونە ساڵەوە هەریەكە قاپێكی قوڕی دەدرایە دەست بۆ قوڕكێشان. ئەوانە پەیتاپەیتا دەهاتن‌و دەچوون‌و قوڕیان دەگواستەوە لەو جێگایەی قوڕی لێ دەگیرایەوە بۆ سەر دیوار. كە دیوار بەرەو بڵندی دەچوو ئەوا بە پێی پێویستی بڵندی‌یەكەی پەیژەی داری بۆ دادەنراو قاڵدرمەچیشی بۆ دیاری دەكرا كە دوو كرێكار بوون، جا قوڕكێشەكان قاپە قوڕەكەیان دەهێناو دەیاندا بەو كرێكارانەی لەسەر پەیژە وەستاون تا بیخەنە بەردەمی قوڕپان‌كەرەوە. ئەو قوڕپان‌كەرەوەیەش دەبوو كرێكارێكی كارامە بێ لەم كارەدا چونكە بەرلەوەی وەستا چینی بەردو خشت لێ بدات دەبێ ئەو قوڕپان‌كەرەوەیە بزانێت چۆن بەیەك ئەستوورایی بە بێ بڵندی‌و نەویاتی قوڕپان‌كاتەوە تا چینی دیوار خواروخێچ نەبێت. جاری‌وا دەبوو ئەو كلۆڵە زیاتر لە نیو سەعات بۆی نەدەكرا پشتی چەماوەی خۆی ڕاست‌كاتەوە، جا ئەو كەسەی ئەمە كاری ڕۆژانەی بێ دەبێ بەشەو نووستنی چۆن بێ!

ئێستاش دێینە سەر باسی قوڕكێش: یەكێ لەوانە هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی قاپ بگرێتەوە پاش فڕێدانی لەلایەن قوڕ ڕۆكەرەوە. لێرەدا ناوی قوڕ ڕۆكەریش هات، ئەگەر خانوەكە گەورە بێ‌و زیاتر لەوەستایەك ئیشی لەسەر بكات ئەوا دەبێ قوڕ ڕۆكەریش دابندرێ چونكە قوڕپان‌كەرەوەكە ئەو دوو ئیشەی بۆ ناكرێت، لەگەڵ ئەوە جاری‌وا دەبێ قوڕپان‌كەرەوەیەكی‌دیش دەچێتە سەر دیوار. ئەوجا قوڕكێشەكان وەك مێرووله دێن‌و دەچن بە گورگەلۆقە قوڕ بۆ سەر دیوار دەگوێزنەوە. سەركاری كارەكەیش بۆ ئەوەی لای خاوەن‌كار خۆشەویست بێ‌و دەست بە پشتیا بهێندرێ‌و باسی پیاوچاكی‌و دڵسۆزی بكرێ بۆ خانووكەرەكانی‌تر، تا لەتوانایدا بێ قوڕكێشەكان ماندوو دەكاو ناهێڵێ پشوویەكی كەمیش بدەن. خۆ ئەگەر هاتوو خاوەن‌كار هات بۆ سەر كارەكەی، ئەوا سەركار وەك ئاژەڵێ مێشی تێدابێ خول دەخواو دەست‌دەكا بە هاواركردن: دەی بابم، دەی! هەر ئەوڕۆیە، زووبن،زوو دەست هەڵگرین! بەو فێل‌وفڕانە

ئەو بەستەزمانانە‌ی فریو دەبا، بە غارغارێن دەیانهێنێ‌و دەیانبا، لەناكاوێكدا دەیكا بە هەی‌هاو بەدوایانداو گورزێك لە پشتێندی خۆی دروست دەكا، هەریەك لەوان بەدوا بكەوتبا بەو گورزە دەكەوتە گیانی بە لێدان. زۆر جار هەرزەكاری لێ‌قەوماوی زەمانە دەكەوتە بەرزەبروزەنگی ئەوبێ‌رەحمە بێ‌چارە، ناچار دادەنیشت‌ودەستی بە گریان دەكرد. لەگەڵ ئەو وێنە نالەبارەش كابرای خاوەن‌كار یا سەركارەكەی هیچ بەزەیی‌یەكی بەو كرێكارەدا نەدەهاتەوەو نەدەهات بۆ بەراورد بیری لە منداڵەكانی خۆی بكاتەوە وا دابنێ خۆی لە شوێنی ئەو كرێكارە كلۆڵەدایە، وەك كەڵەشێر بەدەوروپشتی ئەوكرێكارەدا خولی دەخواردو دەسووڕاو هەڕەشەی دەست لە ئیش كێشانەوەی لێ دەكرد ئەگەر بێت‌و لە قوڕكێشانەكەیدا بەردەوام نەبێ. لەبەر هۆی سەرەوە كە لە هەولێر پێی‌دەڵێن(گیاردەقەلان) واتە دواكەوتن.

زۆر جار وادەبوو قوڕكێش پێی دەخلیسكاو سەروسەر یا بە قنگەخشكێ دەكەوتە نێو گۆلاوی قوڕاوی گیراوە بۆ خانوو، هەموو گیانی‌و بەرباخەڵی پڕ دەبوو لە قوڕەشلە. سەركار یا وەستا لەجیاتی دەس بەسەردا هێنان‌و دڵ‌دانەوەی دەیانگوت: هەی داوەشێی! ئەگەر ئیشت پێ ناكرێ بۆ ڕێگا بەیەكێكی‌تر نادەیت؟ بەم گوێرە قوڕكێشە هەرزەكارەكان هەموو گیانیان سەرتاپا لە قوڕ هەڵدەكێشرا، بەتایبەتی ئەوانەیان كە تازە هاتووچووی مەیدانیان دەكرد بۆ ئیشی قوڕكاری. ئەو تازە كرێكارانە تا برژانگی چاویشیان وەك گزنیژە وردە پڕووشكی

قوزی پێوە دەنووسا. خۆ جل‌وبەرگیان ئەوە وەك تیسکی مەڕو بـزن کلۆت کلۆت تۆپـە خڕیلە قـوڕ لەرزانەی پێـوە دەکـرد، سەرشانیشیان تەپۆکی دەبەست. مرۆڤ کە چاوی بەم وێنـە نالەبارانە دەکەوت ئاگری لە هەناو بەردەبوو، کەچی سەرکارو خاوەن‌ماڵیش هێشتا هەر بە دڵی رەق مووچەیان دەدانێ.

حاڵی کەرپووچ‌کێشیش لە حاڵی قوڕکێش باشتر نەبـوو. دەبوایە بە قەڵات کەرپووچ لەسەر هەردوو دەستی دابنێت‌و بە غار بێت‌و بچێت. ئەگەر زیاتریش خشت پێویست با ئەوا دەبوایە هەردوو دەستی لە پشتەوە تێك پەڕێنێت‌و کرێکارێکی‌تر خشتێ بۆ لەسەریەك دابنێت تا زیاتر هەڵگرێ‌وبیگوازێتەوە بـۆ جێی پێویست. ئەو کەساسە جل‌وبەرگی لەپێش‌و لەپشتەوە تـاویل تاویل دەبوو دەدڕا لەبەر دڕی خشت، سەرەرای تۆزو گەرد کە لە دەم‌و چاوی دەنیشت‌ودەچووە لووت‌و گـوێ‌ی‌و دەبووبـە هۆی تووش بوونی بە گەلێ نەخۆشی.

کاتی دەست هەڵگرتن لەکار، لەگەڵ زەردەی خۆرئاوادا پێش مەلابانگدانی شێوان هەموو کرێکارەکـان کە ئـەو رۆژە کاریان کردووە، دەبووایە بەڕیز بوەستن، جا خاوەن‌ماڵ دەهات دەسماڵێکی پڕ لە پارەی وردەی دەهێناو چاوەڕوانی سەرکار دەبوو بێت رۆژانە دابەش بکات. سەرکار دەهات یەکەیەکـە رۆژانەی کرێکارەکانی دەگوت: ئەوەیان بیست عانەی بدەیێ، ئـەوە دوو درهـەمـی بـدەیـێ، ئـەوەشـیـان درهـەم‌و نیوێ...هەروەها..تا دوایی. ئـەو سەردەمـە رۆژانەی کـرێکار لەوەندە تێنەدەپەڕی. وەستای زۆربـاشیش ئەو سـەردەمە ئەمانە بوون: وەستا شەهاب، وەستا حەسەنە سوورکەو وەستا عەبدوڵلاو وەستـا حەسـەن مەحی‌و چـەند وەستـایەکی‌تـر. رۆژانەشیان لە دینارێك تا دینارو نیوێك زیاتر نەبوو، کەچی لای زۆرمان ئاشکرایە لەو سەردەمی ئەندازیارو نەخشەکێش بـۆ خانووکردن لە کەرتی میللی ئەوەی هەبوو و ئەوەی نەبوو هەر ئەو وەستا ناوبراوانە بوون، هەم نەخشـەیان دەکێشـاو هەم ئەندازیاری خانووکردن بوون. زۆریان نـەخوێنـدەوار بوون، بەڵام لەگەڵ نەخوێندەواریشیان زۆر زیرەك‌و بە توانا بـوون. هەر لەخۆیـانەوە لەبـەر پێویستی کـاریان کـەمێکیان فێـری قرتەقرتێکی خوێندن‌و خوێندەواری بووبوون، بیریـان بۆ زۆر شتی ورد دەچـوو، توانـای دروست‌کردنی خـانـووی چـاك‌و کۆشك‌و تەلارو باڵاخانەی رێك‌وپێکیان هـەبوو. بـەر لەوانیش وەستای گەلێ بە تواناتر هەبوون، پاشماوەی کـارامەییـان لە کۆشك‌و تەلارو باڵاخانەو پردو جۆگای ئاو تاکو ئێستێ لە گەلێ ناوچەی کوردوستاندا ماوەتەوە. ئەنـدازیارانی شـارستانی‌و ئاودێری بۆ رازاندنەوەو رێکخستنی گەلێ کاری خۆیان سوود لەو پاشماوانە وەك کەلەپـورێکی نەتـەوەیی وەردەگرن. ئـەو پاشماوانە ئێستا سـەرنجی مرۆڤ زیـاتر رادەکێشن کـە ئەو وەستایانە چەند پسپۆر بوون لە بنیات‌نانی ئەو کۆشك‌و تەلارو پردانەی کە مێرابی دیوارو نەخشی نایابی زۆریان تاکو ئێستێ بە بەرجەستەیی(مجسّم) ماونەتەوەو بەربەرەکانێ‌یان لەگەڵ ناخۆشترین کات‌و وەرزی زەمانە کردووەو هەر بەردەوامیشن.

وردە وردە بەر لە چواردەی تـەمووزی ئـەمر رۆژانـە گەیشتە حەوت پەنجایی بەڵکو کەمتریش، ئەگەرچی پێویستی گـوزەرانیش زۆر زیاتـر بووبـوو، بەڵام چ ژیـانێك بـوو ئـەو چەوسانەوەی تیادا دەژیان؟ ژیانێکی بژی‌و مەمر بوو. زۆربەی زۆریان هەژارو لەرزوتاار بوون، لەبەر کەمی وزە بۆبنیات‌نانی لەشیان‌و رۆژانەی کاریان.

خۆ بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی‌یان کەمیان لە توانایاندا بوو سەر لە پزیشکی پسپۆر بدەن ئەوەندە دەستیان کورت بوو. جا ئـەگەر ئـەوە ژیانی خـۆیان بـووبێ دەبێ ژیانی مـاڵ‌و منالە بچووکەکـانیان چـۆن بووبێ؟ منـاڵی ئەو چینـە بە دەگمـەن قوتابخانەیان دەدی، بەڵکو زۆریان رێگای قوتابخانەشیان پێ نـەدەزانـی. بـۆیـە زۆربـەی زۆریـان وەك کوێروابوون،نەخوێندەواری‌باڵی رەشی بەسەردا کێشابوون‌و زۆر دواکەوتوو بوون‌و لە گۆڕانی شارستانیەتی ئاگـادار نەبـوون. هـەموو بـەرهەمی هێـزو توانـایان بـۆ کەسـانی‌دی دەچوو. سەرکاریش رۆژێك بیری لە دواڕۆژی ژیانی خۆی نەدەکردەوە، هەموو تین‌و توانای خۆی بۆ ئەنجام‌دانی ئاواتی خاوەن خانوو بەکار دەهێنا، داخۆ دەستە جلێکی زیاتری بۆ دەکـا یان نـا، لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکیەی ژیان‌و کار. هەر کـە دەستیان لە ئیش بەردەدا دەگەڕانەوە ماڵەوە، لەبەر ماندوویی‌و کەمی کات بۆیان نـەدەکرا گـەلێ پێویستی مـاڵ لەگەڵ خـۆیان لە کـاتی

گەڕانەوەدا دابین بکەن، تەنها چەند کووزە بەفرێك نەبوایە دەیانخستنە نێو دەسماڵێ دەست لەگەڵ شووتیەك یا چەند کیلۆیەترێیەکتاد... دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی ماستاوێکی ساردی خەست ئامادەکەن و بینێن بە سەریانەوە تا دوا چۆڕی لێ ببڕن بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری کاری ڕۆژیانی پێ دابمرکێنن، ئەنجا چەند پارووێکی شلەساوار یا پڵاو ساواری سەر داپۆشراو بە پیازی سوورکراوەی نێو ڕۆن لەجیاتی گۆشت بگلێنن و دیسان تێر ماستاوی خەست و ساردی بەدوادا هەڵقوڕێنن و پاش ئەوە خەوێکی خۆشی بۆ بکەن، چونکە ئەو چینە بڕژاوەی نێو ئارەق ڕشتن و کارکردن برنجی نەدەدی و بەدەگمەن وا دەبوو لە جەژنان برنج لێبنێن یاخود بەخێر یا لە شاییەکدا بۆیان دەهات. لەگەڵ ئەوەش لەمەزیاتر چاویان لە ماڵی یەکێکی تر نەبوو! لەدوای نوێژی عیشا بۆی رادەکشان لەسەر یەك کەلەکە تا بەیانی جوولەیان نەدەکرد. لەو ساڵانەدا کە ئەم نووسینە باسیان لێ دەکات دەستکورتی و هەژاری پاڵی بە زۆر بنەماڵەوە دەنا کە ئافرەتیشیان هاندەن بۆ کارکردن بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان کە زۆر گران و دژوار بوو. لەبەر تاڵی و سوێری گوزەرانی خەڵك کۆمەڵە نەونەمامێکی تازە هەڵچووی هێشتا پێنەگەیشتووی لە لاسکی ڕیواس تەڕو پاراوتر، لە گەڵێ جوانی نێو کۆشك و باڵەخانە جوانتر، کەوتبوونە پاڵ کورە قوڕکێشەکان، بەڵکو بووبن بە کۆسپی ڕێگای کارکردنیان چونکە بە ڕۆژانەیەکی زۆر کەم کاریان دەکردو لەگەڵ ئەوەش کە لە لایەن قوڕکێشە کورەکانەوە بەربەرچ دەدرانەوەو هەڕەشەیان لێدەکرا بۆ ئەوەی وا بە هەرزان کار نەکەن، هەر گوێیان نەدەدایە. لەگەڵ ئەوەش وەستاو سەرکارو خاوەنئیش وەك ئافرەت مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکردن، بە بێ دەرهاویشتن لەگەڵیان دەجوولانەوە بەڵکو لە کوڕانیش زیاتر ماندوویان دەکردن. ئەو لێقەوماوانەش چونکە نوێکاربوون لەو مەیدانەدا نەیان دەتوانی سالووزی بکەن بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەرکارو خاوەنئیش، گەلێك خۆیان ماندوو دەکرد، پاداشتیشیان نووستنێکی کت‌وپڕ بوو لەبەر ماندوویەتیان لەکاتی کاردا.

بەڵام زۆری نەخایاند وردە وردە گوزەران رووی کردە باشی، پاش ساڵانی شەست. بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاو بەرەو ژوورەوە کرێکار وای لێ هات خۆی بە شتێك بزانێ و مافێکی مرۆڤایەتیانەی بۆ هاتە کایەوەو دەوڵەتیش بایەخی دا بە دامەزراندنی گەلێ کارگای گەورە گەورە بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە چ نێرو چ مێ. ئەمە هەنگاوێکی گەورەو گرنگ بوو، لە ئەنجامی ئەم هەنگاوەدا چینی کرێکار لە ماوەیەکی کەمدا ڕاست بووەوەو تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. دیتی وا یاسایەکی تازەیش بۆ پاراستنی مافی کرێکار دامەزراوە بە پێچەوانەی ساڵانی رابوردوو. بە پێی ئەم یاسایە کە یاسای ژمارە ١٥١ی ساڵی ١٩٧٠یە هەموو کرێکارێك دەتوانێ داوای مافی خۆی بکا. لە ئەنجامی ئەم پەرەسەندنی چینی کرێکارو دروستکردنی کارگەی زۆرو دانانی قانوونی نوێی کارو دان‌نان بە دەوری کرێکاردا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، کرێکار وریا بووەوەو هەستی کرد کە کات هەیە بۆ کارو ماوە هەیە بۆ فێربوونی گەلێ شت لە مەیدانی کارداو زانی گەلێ پێویستی هەیە ئەبێ بۆی دابین بکرێ وەك دەرمان و تیمارکردن و هۆی گواستنەوەوبارو دۆخی باشی کارکردن و مووچەی زیادە بەرابەر بە هەندێ جۆرەکارو کار لە هەندێ بارو دۆخی تایبەتیدا. ئەمە هەموویشی لە سایەی خەباتی گەل و بەتایبەتی چینی کرێکار خۆی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وڵات و سەندنەوەی سامانی وڵات لە کۆمپانیە مۆنۆپۆلیەکانی ئیمپریالیزم دەسگیر بووە.

جا بۆ ئەوەی کرێکار پتر سوود لە شارستانەتی وەربگرێ و فێری زانست بێ، دەبێ دەسکەوتەکانی بە دڵ و گیان و بە هەموو توانایەکی بپارێزێ و پتر خۆی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی وڵات وسەرکەوتنی نیشتیمان و گەل و پێشتربردنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەخت بکا.

سەرنج:

لەم وتارەمدا کەمێك باسی سەرکارم کردووە، بەڵام کەمتر باسی کردەوەکانیانم کردووە، چونکە زۆریان ماون و منداڵەکانیان ڕۆشنبیرن و لەوانەیە ئەم باسە بخوێننەوە. جا ئەگەر باسی سەرکارەکانم بکردایە لەوانەیە کوڕەکانیان پێی خەجاڵەت و شەرمەزار ببن. زیاد لەوە سەرکاریش هەر کرێکار بوو، بەڵام ڕێی ڕاستی خۆی بزر کردبوو ببوو بە داردەستی خاوەنکار.